# کۆنتراست

## فێلکردن لە فەلسەفە

ئازاد حەمە

### سەرەتا و پووختە:

لەژێر سێبەری ئەم ناونیشانە دەخوازم وەسەرەتای وەگۆهێنانی خۆم سەبارەت بە کێشەیێ بێم کە گرنگی خۆی بۆ ڕوونکردنەوە هەیە. ئەم کێشەیە, کە بەخۆی لەگەلێ ڕوەوە کێشەزایێ سەیرە و پەردەش لەسەر چەندین تەنگوچەلەمەیتر هەلدەمالێ, بە بوارێ لە بوارەکانی زانستەمرۆییەکانەوە تایبەتە کە ئەوەش فەلسەفەیە. من ئەم بوارە وەك بوارێ تەماشادەکەم کە خاوەنی دیسپلینێ تایبەت بەخۆیەتی. بۆئەوەی ئەمەش بکەم یەکەم پرۆسەی وەگۆهێنانی خۆم, کە بەخۆی بەردی بناغەی نووسینەکەشمە, بە خستنەڕووی بیرۆکەیێ تایبەتدەکەم کە لام دەمێکە گەلالە و بەرجەستەبووە. ئەوەش بەمجۆرە خۆی بەیاندەکا: فەلسەفە وەك بوارێ لە بوارەکانی زانستە مرۆییەکان و بەگشتیش وەك دیسپلینێ ئەکادیمی لەناو ئێمە(مەبەست ئێمەی کوردە) بوونی نەبووە.

ئەوی لەسەرەوە درکاندم, لەڕاستیدا نە بەری بیرکردنەوە و دانپیاهێنانێ نێگەتیڤانەیە و نەش تێگەیشتنێ ڕەشبینانە. بەلکو ئەم بیرکردنەوە و تێگەیشتنە لەلایەن منەوە سەرچاوە لەچەندین بەلگەی لۆژیکی(مەنتقی) و بیرکردنەوەی ڕەخنەییەوە هەلدەگرێ کە ناکرێ هەر لەم سەرەتایەوە هەلرێژرێن و یان هەلوێستەیان لەسەر بگیرێ. خودی ئەرکی فەلسەفە کە بریتیە لە بیرکردنەوە بەجۆرێ ڕەخنەییانە و هەروەها خۆڕاهێنان ,کە ئەمەش دیسانەوە ئەرکی فەلسەفەیە, لەسەر بەلگەهێنانەوە بەشێوەیێ لۆژیکیانە دیسانەوە ئەو لایەنە ڕووندەکاتەوە کە فەلسەفە دیسپلینێ ئەکادیمیە و ناشێ وەك زانینێ سادە و ڕووکەش سێرکرێ. ڕاستە ڕەخنەییانە بیرکردنەوە و لۆژیکیانەش بەلگەهێنانەوە ترادیسیۆنێ(نەرێت, تەقلید) ڕۆژئاواییە و لە نووسینە فەلسەفیەکانا لە ڕۆژئاوا پتر لە دوو هەزار سالە کاری بۆ دەکرێ و وەکیتریش کاریلەسەردەکرێ بەلام ئەم لایەنە لەمیانەی نووسینەکەم پەیتاپەیتا دێمەوەسەری و لەم سەرەتایەدا شتێ ئەوتۆی لەبارەوە نالێم. ئەوەش کە ئەو ترادیسیۆنە لەناو ئێمە هەلنەگیراوەتەوە,کە ئەمە بەخۆی دەبایە بابەتی تێڕامانێ گەورەبایە, دیسانەوە لە درێژەی نووسینەکەمدا دواتر بەورردی دێمەوە سەری.

ئەوەی کە فەلسەفە لەناو ئێمە بناغەیێ ئەکادیمی نەبووە یان ئەکادیمیا و دامەزراو و نێوەندی توێژینەوە نەبووە بە پالپشتی بیری فەلسەفی گەورەترین زەرەری لە نووسینەکانمان(لێرە مەبەست تێکستە) بەگشتی و بەتایبەت لە نووسینە ئەدەبی و مێژووی و ئەو نەختە نوسینە فەلسەفیانەشداوە کە بە نووسینی فەلسەفی ناوزەددەکرێن. وەلی لەگەل ئەوەشدا بەرهەمهێنانی نووسین یان تێکست لەناو ئێمە هەر بەردەوام بووە جا چ نووسین بەواتا گشتیەکەی یان نووسینی فەلسەفی بەواتا تایبەتەکەی. هۆی بەردەوامییەکە ناشێ ساویلکانە ڕاڤەکرێ. چونکە ئەو بەردەوامیە ناکرێ وەك چاوقایمی و نەترسی تەماشاکرێ بەلکو دەبێ واببینرێ کە ئەوە گەورەترین دەگەی لەلایێ لە نووسینی کوردی داوە و لەلایێ دیش لەو جۆرە نووسینانە داوە کە بەناوی نووسینی فەلسەفی ئامادەکراون. ئارگومێنتی (بەلگە) سەرەکیشم لەم ڕوەوە ئەوەیە کە ستاندارتی و کۆنکرێتی بیری فەلسەفی مانا و گرنگی خۆی بۆ تێکڕای ئەوە هەیە کە دەکرێ ناونرێ مێژووی نووسین. چونکە بێمانای و هیچگەراییە گەر ئێمە پێمان وابێ ڕەخنەی ئەدەبی و شیعری, یان ڕەخنەی سیاسی-کولتووریمان لە هەرە پێشکەوتندایە بەلام ئەوە پێوەندی بەوەوە نییە گەر بیری فەلسەفی لەناو ئێمە زەمینەیێ ئەکادیمی هەبووبێ یان نە. ئەمە کە پاڕادۆکسێ (موفارەقەیێ, ناکۆکیێ) گەورەیە فەرامۆشکردنی تێکڕای نووسینی کوردی دەخاتە ژێرپرسیارەوە.

بۆیە دەمەوێ لەم سەرەتا بەرتەسکەدا ئاماژەبەوەبکەم, ئامانجی بنەڕەتی من لەم نووسینە ئەوەیە, ئەو لایەنە ڕاڤەکەم وابەستەنەبوونی بیری فەلسەفی ئێمە بە نێوەندی ئەکادیمی و سەرچاوەهەلنەگرتنی ئەو بیرە لە نێوەندی توێژینەوە و زانکۆوە چەند هۆکاری سەرەکی بووە بۆ بەرهەمهێنانی فەلسەفەیێ کە نە فەلسەفەیێ کۆنکرێتە و نەش ستاندارت. ئەم جۆرە فەلسەفەیەش کە لەدووتۆی باسەکەدا بە نافەلسەفە ناونراوە مەبەستلێی زۆر بەکورتی ئەوفەلسەفەیەیە کە فەلسەفی نییە بەلکو شتی دییە. واتە ئەو شتەی بەناوی فەلسەفەوە بەرهەمهاتووە شتێ جیایە لە فەلسەفە یان ئەو شتە لە کۆنتراست دایە لەتەك فەلسەفەدا. ئەو شتە دییە, کە فەلسەفەدار نییە یان بێ فەلسەفەیە, بە زەبری ڕاڤەکردنێ دامەزراو لەسەر بناغەی بەلگە و سەلمێنە (ئاکسیۆم, بەدیهیات) بە ووردی بەردەستدەخەم.

ئەم نافەلسەفەیەش ,یان ئەو شتەدییە کە لەناو ئێمە بووە بە فەلسەفە یاحود شوێنی فەلسەفەی لەناو ئێمە گرتۆتەوە , بەخۆی پرۆسەێکە لەئاکامی جۆرە فێلکردنێ لە خودی فەلسەفە بەرهامهاتووە. هەربۆیشە بەپێویستم زانیووە

ناونیشانی دووەمی یان لاوەکی نووسینەکەم ***فێلکردن لە فەلسەفە*** بێ. بەلام دەشکرێ خوێنەری ئەم نووسینە ناویتر لەبڕی ئەو ناوەدانێ, بۆ نموونە: ***غەدرکردن لە فەلسەفە*** یاخود ***بەهەلەبردنی فەلسەفە*** بەدلنیاییەوە ناوی وەك ***ئەتککردنی فەلسەفەش*** هەر شیاویتیابەدیدەکرێ بەلام من ڕاڤەکردنەکەم پتر لەسەر بوونیادی ئەو ناوە لاوەکیە دامەزراندووە کە بە فاکتە و سەلمێنە و نموونەوە گوزارەی لێدەکەم. گرینگە خوێنەری ئەم باسە لەوەبەئاگابێ کە مرۆڤ چەند ئازادە لە ناولێنان بەلام ئەم ئازادییە ڕەها نییە و پرۆسەی ناولێنانیش نە کارێ ساکارە و نەش دابڕاوە لە ناواخنی تێکستەکە.
لەڕاستیدا, من جۆری ڕاڤەکردنەکەم مەرجی ئەوەش لەخۆیدا حەشاردەدا کە چۆن بکرێ نەك هەر ئەوە ڕوونکرێتەوە کە چۆن فێل لە فەلسەفەکراوە بەلکو ئەوەش کە چۆن چۆنی نافەلسەفە بەرمهێنراوە کە بەخۆی جەوهەری تەلیسمەکانی ئەو فێلکردنەش لە فەلسەفە ڕووندەکاتەوە. هەروەها هەولیشمداوە ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو لایەنەش بدەم کە فەلسەفەکردن کارێ ئاسان نییە و مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواش لەو ڕوەوە پڕە لە نموونە.
بۆئەوەی ئەمەش بکەم خۆم بەدووی ئەوەدا وێلکردووە وەلامی هەندێ پرسیار میتافۆریانە بدەمەوە, لەوانە: بۆ دەبێ کردەی فەلسەفەکردن هەبێ؟ ئامانج لەم کردەیە و پێویستی لە ئەنجامدانی ئەم ئامانجە چییە؟ ئایا فەلسەفە کە ڕیشەێ ڕۆژئاوایی(یۆنانی) هەیە شیاوە بازدان بەسەریدا؟ ئایا دانهێنان بە ئەورووپابوونی فەلسەفە دیاردەێ ئیرۆسێنتریزمانە یە؟ فەلسەفە کە بەرپرسیاریێ ڕەوشتی هەیە چەند لەناو ئێمە ئەوەی پێیدەلێن ڕەوشتی سیاسی لەڕوانگەی فەلسەفەوە ڕاڤەدەکرێ؟ تەنانەت پێشموایە هەلەنییە گەربپرسم: کوان ئەو نووسینە فەلسەفیانەی ئەو پۆلە فەیلەسوفە نوێیەی کورد, کە پسپۆڕن لە: فەلسەفەی ئیتیك, فەلسەفەی تیۆری زانین, فەلسەفەی لۆژیك, فەلسەفەی جوانکاری, فەلسەفەی سیاسی , فەلسەفەی موڕال, فەلسەفەی ژینگە, فەلسەفەی ڕاگەیاندن, فەلسەفەی ئاین و چەندین جۆری تر لە فەلسەفە نووسیویانە؟ ئایا لەوە بەئاگاین فەلسەفە دابەش چەند بەشێ لە دیسپلین دەبێ؟

## مێتۆدی ڕاڤەکردنەکە:

سەرباری ئەوی لایسەرەوە ووترا دەلێم: ئەوی لەناو ئێمە هەبووە نەك هەر فەلسەفە نییە بەلکو لە کۆنتراست (ناکۆکی ,جودایی, نالێکچووی, جیاوازیێ تووند, ناهاوشێوەیی ڕوون, ناجۆرێدیار) دایە لەتەك خودی ئەوەی ناودەنرێ فەلسەفە. ئالێرەوە بەڕوونی ئەو سەکۆیە دەستنیشاندەکەم کە کاریلەسەردەکەم. چونکە من تەنیا بەوەوە ناوەستم پرۆسەی ئەو فێلکردنە لە فەلسەفە ڕاڤەکەم بەلکو ئەوەش ڕاڤەدەکەم کە ئەوی بەنێوی تێکستی فەلسەفی بەرهەمهاتووە لە کۆنتراستدایە لەتەك خودی فەلسەفەدا. بەباوەڕی من هەر بەمجۆرەش دەتوانم دواتر ئەو شتە کە فەلسەفە نییە و شتێ جیایە یان زۆر لە فەلسەفە جوداوازە بەرتوێژینەوە نخەم. ئەمەو دەخوازم ئەوەش بلێم, ئەوناجۆریە دیار و جیاوازییە زەقەی لەنێوان فەلسەفە و ئەوی کارەبووە بەناوی فەلسەفەوە کە نافەلسەفەیە منی بەرەو ئەو تێڕامانەش بردووە قسە لە فێلکردن لە فەلسەفە بکەم. بەدلنیایشەوە ئەو فێلەنەبایە ئەو شتە جیایە بەرهەمنەدەهات. ئەمەش ڕوودەدا چونکە فەلسەفە بوونی نییە. واتە کاتێ ئەوی کە هەیە فەلسەفە نیە دەبێ بەدلنیایەوە لەبڕی ئەوە شتێ ترهەبێ. بۆیە لەم حالەتەدا هەم فێلکردن لە فەلسەفە دێتەکایەوە و هەمیش ئەوەی کە نافەلسەفەیە شوێنی فەلسەفە دەگرێتەوە. بەلام دەمەوێ خوێنەری ئەم نووسینە زۆر بەووریایەوە مامەلە لەتەك دەربڕین و گوزارەکانم بکا. چونکە من نە دەخوازم بەشداری لەو فێلەبکەم کە تائێستا لە خوێنەری کورد کراوە نەش نیازموایە یاری(گەمە, وازی) بە دەربڕین و واتا بکەم تا سەر لەخوێنەری ئەم نووسینە تێکدەم. ئەمەش دەلێم لەسەر ئەو بناغەیەی, یاریکردن بە زارەوە و چەمك و گوزارە لەلاێ و لەلایێدیش پڕکردنی نووسین بە ئاوەلناو و پێناسەی وێژەیی و شیعرگەرایی ناپێویست بوونە بە خەسلەتە هەرە دیار و بەرچاویەکانی نووسینی نوێی کوردی.
سەرەڕای ئەوی ووتم, بەهۆی ئەم چەند دێڕە دەروازەییەوە دەمەوێ ئەوەش بلێم , ئەوی لەئەمڕۆدا لەناو ئێمە هەیە, هەروەك پێشتریش ئاماژەم بۆکرد, فەلسەفە نییە بەلکو شتێکە لەئاکامی فێلکردن لە فەلسەفەوە بەرهەمهاتووە , ئەو شتەش کە بەهۆی ئەم  فێلەوە بەرهەماتووە و تائێستاش بەرهەمدێ وەك فەلسەفە ناوزەدکرێ. ئەمە گرفتە و چارەسەرکردنی نە لەتوانای ئەم سەروتارە بەرتەسکەیە و نەش نووسەری ئەم سەروتارە بەلکو ئەمە کێشەیەکە چارەسەرێ درێژخایەن و بەردەوامی دەوێ و هەروەها پێویستی بە بەهاریکاری ئەو ڕوناکبیرە ئەکادیمیە پسپۆڕانە دەبێ کە لە ئێستا و ئایندەدا دەخوازن کاریبۆبکەن. فەلسەفە, دێریدا ووتەنی کە پاشان دێمەوە سەری, کە شتێ ئونیڤێرسالە(گەردووناوییە) بەباوەڕی من کێشەکانیشی پێویستی بە چارەسەری ئونیڤێرسالانە هەیە و بەچەند پێنووسێ پەراوێز و لۆکالی چارەسەرناکرێ. ڕوونتر بدوێم , فەلسەفە , کە لە ئێمە دەدەوێ, واتە مرۆڤ, ئێمە کە لە گشت شوێنێ هەین یان لەهەرکوێیین هەین , پێویستی بە کۆمەکی ئێمەیە. بەلام ڕاناوی ""ئێمە"" لەبەرئەوەی میتافۆری تری هەیە واملێدەکا بپرسم: ئەرێ ئێمە کێین؟ لەوەلامدا دەلێم: ئێمە تەنیا مرۆڤ ناگەێنێ بەلکو لێرەدا تایبەتیەتێکیش هەیە کە ئەوەش ئەوەیە ""ئێمە"" ئەوانەشدەگەێنێ کە کاری فەلسەفی لە ئاستێ دا دەکەن کە پشتبەستووە بە زانینێ دیسپلیندار. ئالێرەوە دەمانەوێ فەلسەفەکردن لە شتیدیکردن یان فەلسەفە لە شتیتر

جیاکەینەوە( بۆنموونە فەلسەفە لە کۆمەلناسی یان لە ئەدەبناسی و ..هتد). ئەم جیاکردنەوەیە لەنێوان فەلسەفە و زانینەکانی تر (وێژەناسی,ئابووری,کۆمەلناسی و ..) نە بەمانای فەرامۆشکردنی بەشەکانی تردێن و نەش بەمانای ئەوەی زانینی دیسپلینداری تر بوونی نییە. ئەم لایەنە کە لەدرێژەی نووسینەکە دێیمەوەسەری بەلام هەمیشە جەغتی سەرەکیم لەسەر ئەوەدەبێ کە چۆن ڕۆژانە و بەردەوام نافەلسەفە شوێنی فەلسەفە دەگرێتەوە و هەروەها چۆن دەرکیشبەوەناکرێ ئەو شتە کە جیایە لە خودی فەلسەفە بووە بە سەرچاوە. هەر لەمیانەی باسەکە دێمەوەسەر ئەوە, ئەو جۆرە فەلسەفەیەش کە بەمشێوەیە دروستدەبێ ناتوانێ هیچ جۆرە ژێرخانێ بۆ هێنانەدونیای زانینی فەلسەفی دابینکا و, کاتێ کە فەلسەفەش وەك دیسپلینی ئەکادیمی بوونی نەبێ و پاشان فەلسەفە ئەو زانینە بناغەییە نەبێ کە پشتئەستووربووبێ بەوەی پێیدەلێن هیۆمانی ناکرێ هیچجۆرە فەلسەفێ قووتکرێتەوە. چونکە فەلسەفە وەك زانین لە هیچەوە دروستنابێ و یان ئەو فەلسەفەیەی لە هیچەوە دروستدەبێ بەرهەمی ئەندێشەێ نافەلسەفی دژەدیسپلین و نامێتۆدیە. کەسانێکیش هەمیشە لەپشت ئەم جۆرە فەلسەفەیەوە دەبن کە فەلسەفەیان بەخوێندن نەخوێندوە و یان خۆیان لەمالەوە و یان لە قوژبنی چایخانەکان و لەدەروەی نێوەندەکانی توێژینەوە و ڕاڤەکردن فێری فەلسەفەکردنکردووە. چونکە ناشێ و ئەستەمە خۆڕاهێنان لەسەر ڕاڤەکردن و تیۆریزەکردن بەسەر واتا و تێڕامانە فەلسەفیەکان ,یان واتاکانی بواری زانستەمرۆییەکان بەبێ قوولبوونەوە و شارەزایێ ئەکادیمی.
دەکرێ ئێمە مرۆڤدۆست و کوردپەروەر بین هەروەها ئەملایەنە وامانلێکا جارجارە تێڕمانی خۆمان سەبارەت بەهەندێ ڕووداو و دیاردە بخەینە سەر چەند لاپەڕەێ بەلام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەێنێ کە ئێمە بەم تێڕامانکردنە بیریاریی یان ئەزموونێ فەلسەفی دەخەیتەوە. فەلسەفەکردن بەوجۆر جیایە لە خودی ئەوەی فەلسەفە لەچی و چۆن پێکهاتووە. بۆساناکردنی مەبەستەکەم دەچمەوە سەر پەندێکی گرامشی. چونکە گرامشی دەلێ: ئێمە کە قۆپچەی کراسەکەمان بەردەبێتەوە دەتوانین بیدورینەوە ئەلبەت دەشتوانین هەرهەموومان هێلکە سوورکەینەوە بەلام ئەمە نە ئەوە دەگەێنێ کە ئێمە بەرگدروویێ باشین و نەش ئەوەی ئێمە چێشتکەرێ ناسراوین.
گەشتی ڕاستەخۆی من لەمیانەی باسەکەدا بەدلنیاییەوە بۆئەوەیە کە ڕیشال و تەلیسمی ئەو فێلە دەستنیشانکەم و پەیتاپەیتاش ئەوە ڕوونکەمەوە کە ئەوی بەرهەمهاتووە فەلسەفە نەبووە بەلکو شتێ بوە بەناوی فەلسەفەوە. ئەو شتەش کە لەڕێگای فێلکردن لە فەلسەفە هاتۆتەکایەوە لەگەل خودی فەلسەفە, فەلسەفە وەك زانینێ ئەکادیمی, لە کۆنتراستێ بێپایاندایە. ڕەنگیشە بەرهەمهێنەرانی ئەوە(واتە ئەو فەلسەفەیەی کە بەخۆی فەلسەفە نییە) بێئاگابن لەوی کردویانە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەوان بەناوی نووسینی فەلسەفییەوە, ئەلبەتە ئەوەش هەمیشە لەڕوانگەی ئەوەوەی, کە ئێمە نووسینی فەلسەفیمان نییە و گرنگە لەو ڕوەوە تەکانێبدرێ و نووسینی فەلسەفی بەرهەمبێ, هاتوون کاری فەلسەفیان ئەنجامداوە بەلام هەرگیز نە زانیویانە ئەمەی دەیکەن نافەلسەفەیە و نەش بیریان لەوەکردۆتەوە فەلسەفەکردن مەرجە بە زانینیێ دیسپلیندارەوە بنجبەستبێ, واتە فەلسەفە بریتییە لە دیسپلین, لەهەمووش ترسناکتر ئەوەیە ئەوانەی نافەلسەفەیان بەرهەمهێناوە هەرگیز دەرکیان بەوەنەکردووە ئەوی دەیکەن بەواتای فەلسەفە فەلسەفەکردن نییە بەلکو فێلە لە مێژووی فەلسەفە یان ئەویدەیکەن لە کۆنتراستێ بێوێنەدایە لەتەك خودی زانینی فەلسەفیدا.
گرینگە لەمیانەی نووسینەکەم ئەوە بۆ خوێنەر ڕوونکەمەوە من لەسەر چ بناغەێ و بەپشتبەستن بەچ ئارگومێنتێ ئەمە دەلێم؟ لەڕاستیدا بۆ ئەوەی ئەم دێڕە ڕوونکەمەوە بەپێویستی دەزانم ئەم باسە بنووسم. واتە بیرۆکەی ئەو تێگەیشتنەی کە هەلوێستەدەگرێ لەسەر ئەوەی کە ئەوی هەیە فەلسەفە نییە و بەلکو نافەلسەفەیە و لە کۆنتراستیشدایە لەگەل فەلسەفە بووە بە سەرجەم هەوێنی نووسینی دواتری قسەکانم. کەواتە لەژێرسایەی ئەم دەروازە پووختە ناتواتنم ئەوەڕوونکەمەوە چۆن ئەوی هەیە فەلسەفە نییە و بەلکو لە کۆنتراستێ بێئەندازەشدایە لەگەل فەلسەفە. چونکە مرۆڤ هەمیشە لەئامێزی ئەو دەروازە و یان پووختەیەی بۆ نووسینەکەی دەینووسێ ناتوانێ گشت پێکهاتە و دەرئەنجامەکانی ئەو نووسینە بەردەست خوێنەر بخا بەلکو لەبڕی ئەوە ستروکتووری گشتی نووسینەکە بەردەستدەخا.
هەر لەم دەستپێکەشدا دەمەوێ ئەوە بیرخەمەوە کە, ئەوی لەم نووسینەدا پێوەندی بە زناك(مانا) و بەهای واتای کۆنتراستەوە هەیە ئەوەیە ئەم واتایە کاتێ مەبەستی خۆی والادەکا کە دەخوازرێ شتێ بە شتێ تر بەرامبەرکرێ تا جیاوازی نێوانیان دەرخرێ. بەلام ئەوە دەبێ بەکاربرێ بۆ خستەڕووی جیاوازی نێوان دوو شت. ئەمە هیچ وەخت ئەوە ناگەێنێ کە من نیازموایە خۆم بخەمە ناو شێوازێ لە نووسینی کۆمپێرەتیڤانەوە (بەراووردکاریانەوە). چونکە من بەهیچ جۆرێ لەگەل پەرەدان بە دیاردەی بەراووردکاری دا نیم بەلکو ئەمەی دەیکەم تەنیا بۆ ئەوەیە کە ئەوە لای خوێنەر پەسەندکراو و باوەرپێکراوکەم کە ئەوی لە ئەمڕۆدا لەناو ئێمە هەیە و بە فەلسەفە ناوزەددەکرێ فەلسەفە نییە بەلکو شتێ ترە کە من ئەم شتە ناودەنێم فێلکردن لە فەلسەفە. واتە فەلسەفە وونە و ئامادەبوونی نییە بەلام شتێ دی هەبوونی لەگەڕدایە کە لەئاکامی فێلکردن لە فەلسەفەوە بەرهەمهاتووە کە دەکرێ ناونرێ نافەلسەفە. هەروەها من لەمیانەی باسەکەم نایەم باس لەوەکەم فەلسەفە چییە بەلکو باس لەوەدەکەم ئەوەی فەلسەفە نییە چییە. چونکە خوێنەری ئەم باسە دەکارێ بۆسەر چەند لێکسیکۆن و فەرهەنگێ فەلسەفی یان هەندێ

کتێبی گرووند لە بواری فەلسەفە بگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەو تێگەیشتنە لای خۆی گەلالە و بەرجەستەکا کە فەلسەفە چییە بەلام بەندە دەخوازێ لەم کارەدا ئەوە لای خوێنەری ئەم کارە ڕوون و ئاشکراکا کە ئەوی فەلسەفە نییە چییە نەك بەپێچەوانەوە. کەواتە چییەتی فەلسەفە لەلایەن منەوە ئەو تێڕامانەی لەبارەوەناکرێ بەلکو لەبڕی ئەوە تێڕامان لەوەدەکرێ کە ئەوی خۆی لە فەلسەفە بەناوی نافەلسەفە جیادەکاتەوە چییە. هەروەها بەزۆری لەمیانەی نووسینەکەدا پشکنین لەسەر ئەوەدەکەم چۆن ئەم نافەلسەفەیە بەرهەمهاتووە هەروەها چۆن فێل لەفەلسەفەشکراوە.
بۆئەوەی ئەم لایەنەش ڕوونکەمەوە بەپێویستی دەزانم ڕاڤەکردنەکەم بەچەند باسێکەوە تایبەتکەم لەوانە: **بازدان بەسەر ڕیشە, نووسینی بێگرووند و تێکەلکردنی ئێپۆکەکان بەیەکدی و گۆنەکردنی ناوی گەلێ لە بیریارانی ڕۆژئاوا, دابەشبوونی نێودەولەتیانەی فەلسەفە: بۆ فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پڕاکتیك هەروەها بۆ فەلسەفەی کۆنتنێنتال و فەلسەفەی شیکردنەوە, بچووککردنەوەی گفتووگۆ و تیۆرییە فەلسەفیەکان , فەلسەفە بۆ خۆشی و وەك مۆدە , ڕۆژنامەوانی لەبڕی فەلسەفە و گشت بەشەکانی تری زانستە مرۆییەکان , بەواتایێتر ڕۆژنامەوانی شوێنی گشت دیسپلینێکی گرتۆتەوە و... باسیدیش.** ماویەتی